# ڕێـــژەی تـــەڵاق لـــ



(تـەڵاق) کە بریتییە لـە هەڵگرتنی کۆتی هاوســەریتی و ژن و مێردایەتی نێوان دوو هاوسەر، بەو مانایەدێت کە دوا ئامــرازو دوا ڕێگەیە پەنای بۆ ببردرێت بۆ بڕانەوەی ناکۆکـی و ناتەباییەکانی نێوان دوو هاوســەر، ژن و مێردێك ئەگەر نەیانتوانی بەخۆشی و بەختەوەری لەگەڵ یەك بژین، باشــتر وایە لێکجیاببنەوە و دەستبەرداری یەك بن، بەڵام لەسەر ئاستی کردارەکی و کۆمەڵایەتـی و دەروونیدا، کۆمەڵێك ئاســەوار و ئاکامی ناخۆش و بە ئازاری هەیە، هــەم بۆ ژنەکە و هەم بۆ پیاوەکــەش، ئەو ئاکامە خراپانەیە کە تەڵاق لە مافێکی یاسایی و شەرعییەوە دەکاتە گرفتێکـی کۆمەڵایەتی، بۆیە هــەر کاتێك و لە هــەر کۆمەڵگەیەکدا ڕێژەکەی لە ئاســتی سروشــتی خۆی تێپەڕانـد و بــووە گرفت، ئەوســا وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ســەرنجراکێش تەماشــای دەکرێت و دەبێ لێکۆڵینەوەی لەبارەوەبکرێت.

بــۆ وەڵامدانــەوەی ئەو پرســیارەی ســەرەوە، بە بەڵێ یان نەخێر، پێویستمان بە زانیاری و داتــای ورد و باوەڕپێکراو هەیە، کــە ئەویش ئامــارە، ئێمەش بۆ زانینی ئەوەی کە داخۆ ڕاســتە ڕێژەی تەڵاق لای ئێمە ڕێژەیەکی بەرزە، پشتمان بەو ئامارە بەســتووە کــە وەك نموونە لە دادگاکانــی باری کەســی ســنووری ســەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، وەرمانگرتووە و شیکردنەوەیەکی سەرەتاییمان بۆ کردووە.

ئەگەر دادگای باری کەســی هەولێر وەك نموونــە وەربگریــن، کــە چوار و هەندێك جار پێنج دادگای باری کەسییە، دەبینیــن ڕێژەی تەڵاق لــە ٢٠٠٩/١/١ تــا ٢٠٠٩/٦/٣٠، گەیشــتۆتە (٥٤٥) حاڵەتی تــەڵاق، لە بەرامبەردا (٤١٣٢) حاڵەتی مارە بڕین تۆمار کراوە. کەچی هەر لە (١٢) دادگاکانی باری کەســی دەوروبەری هەولێر (١٧٠) حاڵەتی تەڵاق تۆمــار کراوە، لە بەرامبــەردا (٣٢٩٦) حاڵەتــی مارەبڕین تۆمارکراوە. ڕاســتە هاوکێشــەکە وەك یــەك نییــە، ڕێژەی مارەبڕینەکــە زۆر زیاتــرە لــە ڕێژەی تەڵاقەکە، بەڵام بەپێی پێوەرە زانستییەکان ڕێــژەی تەڵاقەکــەش زۆرە و جێگەی ســەرنجە. ئەگەر سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوەش بکەین (خشتەی یەك) دەزانین، کە ڕێژەی تــەڵاق و مارەبڕینیش بەپێی شــوێنە جیوگرافییەکە، بەو پێیەی کە هەر ناوچەیەك خەســڵەتی کۆمەڵایەتی و ئابــووری و شارســتانی خۆی هەیە، جیاوازی تێدایە و جیاوازییەکەش شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لەسەر بکرێت، بۆ باشــتر وردبوونەوە لە ژمارە و داتاکان ســەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە.

**لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە دادگای باری کەسی هەولێر (٤١٣٢) حاڵەتی مارە بڕین و (٥٤٥) حاڵەتی تەلاق تۆمار کراوە، کە ئەمەش بەپێی پێوەرەکان ڕێژەیەکی بەرزە**

### خشتەی یەك

| ژ | ناوی دادگاکان | حاڵەتەکانی مارەبڕین | حاڵەتەکانی مارەبڕین |
|---|---|---|---|
| ١ | دادگای باری کەسی هەولێر | ٤١٣٢ | ٥٤٥ |
| ٢ | دادگای باری کەسی عەینکاوە | ١٤٧ | ٨ |
| ٣ | دادگای باری کەسی قوشتەپە | ١٨٨ | ١ |
| ٤ | دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر | ٤٩٠ | ٣٧ |
| ٥ | دادگای باری کەسی خەبات | ٤٥٥ | ٢٧ |
| ٦ | دادگای باری کەسی سەلاحەدین | ٢٤٨ | ١١ |
| ٧ | دادگای باری کەسی شەقلاوە | ٢٣٢ | ١٩ |
| ٨ | دادگای باری کەسی هەریر | ١٢٧ | ٢ |
| ٩ | دادگای باری کەسی ڕواندوز | ١٤٦ | ١٠ |
| ١٠ | دادگای باری کەسی خەلیفان | ١٤٦ | ٧ |
| ١١ | دادگای باری کەسی سۆران | ٦٤٥ | ٣٤ |
| ١٢ | دادگای باری کەسی مێرگەسۆر | ٣٦١ | ٣ |
| ١٣ | دادگای باری کەسی چۆمان | ١١١ | ١١ |
| | | **کـۆی گشتی** | **کـۆی گشتی** |
| | | **٧٤٢٧** | **٧١٥** |

# ـــــــە زیادبـــوونـــدایە



وەك تێبینی دەكرێـت ڕێژەی تەڵاق لەناوچەكانی دەرەوەی شاری هەولێر لە ناوچەی (سـۆران) لە چاو ناوچەكانی تـر زۆرتریـن ڕێـژەی تەڵاقـی تێدا تۆماركراوە، ئینجـا هەر بەپێی هەمان ئامـار ژمارەیەكـی زۆری مارەبڕینی دەرەكیش، واتە مـارە كردن لە دەرەوەی دادگا تۆمار كـراوە، هەروەها هێنانی ژنی دوومیش بە هەمان شێوە. سەیری ئەم خشتەیە بكە.

### خشتەی دوو

| ژ | ناوی دادگـاكان | مارەبڕینی دەرەكی | هێنانی ژنی دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | دادگای باری كەسی هەولێر | ١٦٨ | ١٤ |
| ٢ | دادگای باری كەسی عەینكاوە | ٨ | ٢ |
| ٣ | دادگای باری كەسی قوشتەپە | ٤ | |
| ٤ | دادگای باری كەسی دەشتی هەولێر | ٥٣ | ٥ |
| ٥ | دادگای باری كەسی خەبات | ٤٦ | ٥ |
| ٦ | دادگای باری كەسی سەلاحەدین | ٤٤ | ١ |
| ٧ | دادگای باری كەسی شەقلاوە | ٢٦ | ٥ |
| ٨ | دادگای باری كەسی هەریر | ١٤ | |
| ٩ | دادگای باری كەسی ڕواندوز | ٧ | ١ |
| ١٠ | دادگای باری كەسی خەلیفان | ٢٣ | |
| ١١ | دادگای باری كەسی سۆران | ٣٧٦ | ١٤ |
| ١٢ | دادگای باری كەسی مێرگەسۆر | ٢٨٨ | ٣ |
| ١٣ | دادگای باری كەسی چۆمان | ٥ | |
| | | كـۆی گشتی | كـۆی گشتی |
| | | ١٠٦٣ | ٥٠ |

بەپێی داتاكانی ئەم خشتەیە، مارەكردنی ژن لـە دەرەوەی دادگا و نەهێنانی ژنی دووەمیش لەگەڵ ئەوەی كە بە یاسـاش قەدەغە و یاساغ كراوە، بەڵام ئەم یاسـاغ كردنـە نەیتوانیوە ئەم دوو دیاردەیـە بنبڕ بـكات. هۆیەكانیش دیارە چەند هۆكارێكن پێشـتر و ئێسـتاش هەر لە ئارادان. لەسـەرووی هەمووشیان پابەند نەبوون بە یاسا و زاڵبوونی كولتووری خێڵەكی و داب و نەریتی خێڵەكیانە و نزمی هۆشیاری گشتی و شارستانی و كۆمەڵێك هۆی دیكە.

ئەم ئامارانە ئەگەرچی بەتەنیا شـتێكمان لەسەر دیاردەی تەڵاق پێناڵێن، بەڵكو دیاردەی دیكەشـمان دەخاتـە بەردەسـت و ڕوئیایەكی گشتیمان لەسـەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەداتێ.

سـەبارەت بـە شـیكردنەوەی هۆكارەكانی زۆربوونی ڕێـژەی تەڵاقیش، بە بڕوای دادوەر (موسـڵح گەیلانـی)ی ئەندامـی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچـەی هەولێر، یەك هۆكار بەتەنیا نابێتە سەرچاوەی سەرەكی ئەم كێشەیە، بەڵكـو كۆمەڵێك هۆ و هـۆكاری یاریدەدەر و ڕاستەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ زەمینە بۆ دیاردەكە خۆش دەكەن و ئەو كێشەیە دروست دەكەن، بەڕای بەڕێزیـان باری ئابووری یەكێكـە لە هۆكارە سەرەكییەكان كە تەنانەت نەك هەر هۆكارێكە بۆ بەرزبوونەوە یان كەم بوونەوەی دیاردەكە، بەڵكو هۆیەكـی كاریگەرە بۆ زۆر كێشـە و گرفتی دیكـەی كۆمەڵایەتـی. لەمبارەیـەوە دەڵێ: جـاری وا هەیە هۆكاری ئابـووری هۆكاری ڕاستەوخۆ و سـەرەكی و هۆی یەكلاكەرەوەیە لەوجۆرە كێشـانەدا، جـاری واش هەیە دەبێتە هۆی هێنانە كایـەی هەلومەرجێكی لەبار بۆ قوڵتركردنەوەی ئـەو ناكۆكیانەی كە لە نێوان دوو هاوسـەردا هەیە، بۆ نموونە فەرمانبەرێك كە بارە داراییەكـەی ئەوەندە نابووت یان لاواز بێت كە كرێـی خانووی پێ نـەدرێ، پارەی موەلیدەی كارەبای پێنەدرێ، لەپاڵ ئەوەشـدا منداڵـی زۆری هەبـێ و ئیدارەدانیماڵیش، جگە لە شتە سەرەكییەكان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ خەرجییەكی زۆری دەوێ، چۆن كێشـە لەناو ماڵەكەیدا دروست نابێ؟

ساڵانی پێشـتر ئەگەر تەماشای كۆنووسی پەروەنـدە و دۆسـییەكانی دادگاكانی باری كەسی و بگرە بەشێكی دادگانی لێكۆڵینەوەش بكەین، دەبینین هۆكاری ئابوروی هۆكارێكی ڕاستەوخۆ و هەندێكجار سەرەكی و هەندێكجار لاوەكی بوونە لە هاتنە ئارای ئەو كێشانەدا، جا هۆكاری ئابووریش زۆر شت دەگرێتەوە، هەر لە كرێچیتی و كەمی مووچەوە تا دەگاتە گرانی بازاڕ و خەرجییە زۆرەكانی ئەمڕۆی سەرشانی

**دادوەر (موسلح گەیلانی) فاكتەری ئابووری ئینجا خراپ بەكارهێنانی مۆبایل، لەپاڵ زۆرینەی داواكارییەكانی ئەمرۆی تەڵاقن**

هەر خێزانێك و دابەزینی بەهای دینار و هەڵاوسان و زۆر دیاردە و کێشەی دیکەی ئابووری کە کۆمەڵگەکان لە ساڵانی رابردووەوە پێوەی دەناڵاند، زۆربوونی تاوانەکانی دزیکردن، جا بەهەموو حاڵەت و جۆر و دۆخەکانییەوە، تاوانەکانی دەستپیسی (خیانەت الامانە) و فروفێڵ و ساختەکردن و قۆڵبڕین و پارەبردن و هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات و زۆر کێشە و تاوانی دیکە، ئەمانە هەمووی ئەو تاوانانە بوون کە بەرزبوونەوەی ڕێژەکەیان دەگەڕایەوە بۆ هۆکارە ئابوورییەکە.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کێشانەی کە تەڵاق و لێکجیابوونەوەن و دەچنە بەردەم دادگاکانی باری کەسیی، پێش ئەوەی بریاری کۆتاییان لەبارەوە بدرێت لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی داواکارییەکان و بەرگرینامەکانی نێوان لایەنەکانی کێشەکان، لەلایەن دادگاوە دۆسییەکەیان رەوانەی لای توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونییەکان و هەروەها زۆرجاریش بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی زیان پێکەوتوو یان هەڵەبار و خەتابار، رەوانەی شارەزایی دادوەری دەکرێت و زۆرجاریش بۆ هەوڵدان بۆ چاککردنەوەی نێوانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەمانە رۆڵ دەبینن. خاتوو (شیرین مە لا واحید) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە ماوەیەك لەو بوارەدا کاری کردووە و پێیوایە هۆکاری ئابووری رۆڵێکی راستەوخۆی بینیوە لە تێکچوونی شیرازەی زۆر خێزان کە دواتر بە تەڵاق کۆتایی پێهاتووە، ئەو دەڵێ، زۆرجار کچ و کوڕێك کە ماوەیەکە لێك مارە بڕاون، لەبەر زۆری داواکارییەکانی کچە، یان کەم توانایی کوڕەکە نەیتوانیوە داواکارییەکانی کچە یان ماڵی کچە جێبەجێ بکات، پێش گواستنەوە، لێکجیابوونەتەوە. زۆر دۆسیەش هەبووە ژن و مێردەکە ساڵێکە یان دوان پێکەوە ژیاون، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵی سەربەخۆیان نەبووە لە ماڵی باوکی مێردی نیشتەجێ بوونە و ژنە نەیتوانیوە لەگەڵ ماڵی باوکی مێردی هەڵبکا و مێردەکەش نەیتوانیوە خانووی سەربەخۆی بۆ بگرێ، ئیدارەیان نەکردووە و دواجار لێکجیابوونەتەوە.

### هۆکاری تر

بەڵام جگە لە هۆکاری ئابووری، هۆکاری دیکەش هەن کە هەمان رۆڵ، لە زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق دەبینن، هەروەك دادوەر (موسلیح) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: هۆکارێکی تری تەڵاق کەوا زۆر جاریش بە کوشتن کۆتایی دێت، ئەویش کاریگەری مۆبایل و خراپ بەکارهێنانییەتی، رۆژانەش لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە بەدەیان سکاڵا لە بنکەکانی پۆلیسەوە تۆمار دەکرێن و بۆیان رەوانە دەکرێت و زۆربەشیان دەرەنجامەکەی بەتەڵاق کۆتایی پێدێت، واتە ئەمرۆ بەکارهێنانی نادروستی (مۆبایل) بۆتە هۆیەك لەهۆیەکانی تەڵاق، جاری واهەیە خراپ بەکارهێنانەکە لەلایەن پیاوەکەیە بەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی دیکە هەبووە، یان بە پێچەوانەشەوە، جاری وا هەیە ژنەکە خراپ بەکاری دەهێنێ، دوایی کە ئاشکرا دەبێ کێشەکە دەتەقێتەوە و هەردوولا دڵیان لێك رەش دەبێ و ژیانیان بەکەڵکی بەردەوام بوون نایەت.

هۆیەکی تریش جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و زانستی و هاوشانی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و مێردەکەیە، ئەوە جگە لە جیاوازی تەمەن و جیاوازی جۆری پەروەردەو بیرکردنەوە و پێگەی کۆمەڵایەتی هەردوولا.

دەستنیشانکردنی هۆکارەکان یارمەتیدەرێکی گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکەیە، بە بڕوای پارێزەر (یونس راوی) کێشەی تەڵاق لە دایکبوونی رۆژێك و دوان نییە، بەڵکو دەرهاوێشتەی پەیوەندییەکانی نێوان نێرومێیە، بەم پێیە تاوەکو هاوسەرێتی هەبێ تەڵاقیش دەبێت و ئەمەش شتێکی سروشتییە.

بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لە رادەی سروشتی خۆی تێپەڕی ئەوسا دەبێ بەری لێبگرێت و چاودێری بکرێت و چارەسەریشی بۆ دابنرێت. یەکێك لەو هۆیانەی کە ڕێژەی تەڵاق کەم دەکەنەوە، ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانمان ئازادانە و دروستانە بێت، واتە کەسوکاری کچ و کوڕ دەخالەت لە ژیانی داهاتووی هاوسەرێتیان نەکەن و کەسێك بە زۆر ژنی پێنەهێندرێت، کچێکیش بە زۆر یان بە نابەدڵی یا بە ناچاری مێرد نەکات، یا بە مێرد نەدرێت، ئینجا باش بوونی بارودۆخی دارایی خێزانی کورد و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس رۆڵیان هەیە لە کەمبوونەوەی ئاستی دیاردەکە..

هەر پەیوەست بە بە ڕێگە چارەکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کێشەی تەڵاق، بە بڕوای دادوەر (موسلیح گەیلانی) دەسەڵاتی جێبەجێکردن لایەنێکی گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکەیە.

ئەو پێی وایە کە وەك پێشتریش ئاماژەی پێدا یەکێ لەهۆیەکانی کێشەی تەڵاق کێشەی نیشتەجێبوونە بەم پێیەش دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی حکومەت و کەمکردنەوەی دیاردەکەش. هەروەها دەڵێ: بەرزکردنەوەی موچەی فەرمانبەر بە جۆرێك کە لەگەڵ بەرزونزمییەکانی بازاڕ و گرانی بگونجێ یەکێکە ڕێگە چارەکان. چونکە خێزانێك کە باری داراییەکەی جێگر و تاکەکانی خێزان تێروپڕ بوون، دەرفەتی کەمتر بۆ سەرهەڵدانی کێشەکان دەڕەخسێت، هۆیەکی دیکەش پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و شارستانی تاکەکان خۆیانەوە هەیە، بەتایبەتیش بەرزبوونەوەی هۆشیاری گشتی و هۆشیاری تاکەکەس و تێگەیشتن لەوەی کەئازادی تاکەکەس چ لە بڕیاردان لەسەر ژیانی تایبەتی و چ لە بڕیاردان لەوەی کە تۆ کێ هەڵدەبژێرێ بیکەی بە هاوسەری خۆت، بە کورتی تێگەیشتن لەوەی کە ئازادی مرۆڤ بریتیی نییە لە بەرەڵڵایی چونکە بەراستی نە مرۆڤ وەك تاك و نە کۆمەڵگەش بە بەرەڵڵایی پێشناکەوێت، زۆر گرنگیشە کە مرۆڤ لەوە بگات پەیوەندی نێوان ژن و مێرد پەیوەندییەکی مرۆڤانەی پیرۆزە و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ئەدەبی دەخاتە سەرشانی هەردوولا، بۆیە دەبێ ئەو پەیوەندییە هەر بە پیرۆزی رابگیرێت.

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە داتاکان، ناوچەکانی دەرەوەی شار، بەتایبەتی ناوچەی (سۆران) زۆرترین ڕێژەی تەڵاق و مارەبڕینی دەرەکی و هەروەها هێنانی ژنی دووەمی تێدا تۆمارکراوە!!**



